کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:28 14-4-2007

## ئازادی ئەمڕۆ لە بەرهەمی قڕکردنی نەتەوەیەکدایە.. ! هەورامان محەمەد

---

دوا بەدوای پیلانە شوومەکەی نێوان "عێراق و جەزائیر و ئێران" لە پێناو کوژانەوەی بەرگریکردنی مافە



ڕەواکانی گەلی کورد و شۆڕشەکەی کە بە ئیمزاکردن و تەسلیم بوونی دەسەڵاتی بەعس بۆ ئێران بەرامبەر بە بەشێك لە ئاوی دەریاچەی عەرەب و تەپۆلکەی گەورە و تەپۆلکەی بچووك بەخەیاڵی خۆی رزگاری دەبێت لە خەباتی گەلی کورد کۆتایی پێهات!

بەڵام هەروەك لە مێژووی دەسەڵاتی هەموو دیکتاتۆرێکدا ئاشکرابووە کە هەمیشە نەخشەو پلانی ئەو جۆرە دەسەلاتانە بەرامبەر بە خۆڕاگری شۆڕشگێڕاندا سەرکەوتوو نەبووە!

ئەوەبوو هەر دوابەدوای ئەو غەدر و خیانەتانەی کە دەرهەق بەرامبەر بە مێژووی چەوساندنەوەی ئەم گەلە کراوە بە چاوی خۆمان قوناغ بە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی بەرژەوەندیەکانی هەرسی دەوڵەتمان لە ناوچەکەدا بینی!

بەڵام دەسەڵاتی بەعس هەرگیز لە بڕوای دانەبوو کە جارێکی تر گەلی کورد بتوانی لە سەر پێی خۆی رابوەستی و گیانی بە ڕەنگاری و خەباتی لەبەرچاوی جیهان و ناوخۆیدا سەر هەڵبداتەوە، کە ئەم لێکدانەوەیەش دووبارە بەهەڵەدا چوون و بوغرایی و سەر لێشێواوی و گەیشتنە ترۆپکی دیکتاتۆریەتی بەعس بوو لە ناوچەکەدا.

هەر بۆیە لە ساڵی (1976) وە بە شێوازێکی دیکە و بیروباوەڕی جیاوازتر و هەمەلایەنە گەلی کورد هاتەوە کۆڕی خەبات و هەرچی سەنگەرە چۆڵکراوەکانی سەردەمی غەدر و خیانەت هەیە بە نێرگزە جاری پارتیزانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پڕبووەوە و تا دەهات داستانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تۆمار دەکران دژی دەسەڵاتی چەوساندنەوەی بەعس.

هەر ئەو بەردەوامی خەباتی پارتیزانانەی گشت لایەنەکان بوو کە سەر لێشێواوی و بی هێزی لە دەسەڵاتی بەعسدا بەرامبەر بەردەوامی خەباتی گەلی کورد دەبینرا!

بۆیە دەسەڵاتی بەعس بۆ خۆدەربازکردن لەو بی هێزیەی خۆی بە ناچاری پەنای بردە بەر دوایین هەنگاو ئەویش هەنگاوی قڕکردن و جینۆسایدە، کە ئەم هەنگاوەی دیکتاتۆریش لە دوو فەرهەنگەوە بەرامبەر بەگەلی کورد پیادە کرا:

یەکەمیان: لە رووی ئەو دەقە قورئانییەوە، بەڵام بەفکرێکی بۆگەنی شۆڤێنی عەرەبییەوە بەرامبەر بە کورد بەکاری هێنا.

دووەمیان: هاوردەی عەقڵی کۆنی ووڵاتە کۆمۆنیزمەکان کە ئەوان شارەزاییەکی تەواویان هەبوو لە شێواز و جوڵانەوەی خەباتی پارتیزانیدا و بۆ کۆنترۆڵکردنی جوگرافیای خەباتی پارتیزانەکان بۆ ئەوەی چیتر نەتوانن لە خەبات بەردەوام بن!

هەموو ئەم نەخشە و پلانانەش لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە بەرامبەر بەخەبات و تێکۆشانی گەلی کورد هاوکێشەیەك بوو کە کردییە سفر و مێژووی سەرکەوتنی ئەم گەلەش بووە واقیعێکی مێژوویی حەتمی وەك گەلانی دیکەی چەوساوە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەورووپا 21:28 14-4-2007

بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانین كە هەمیشە لە نەخشەو بیركردنەوەماندا بێت كە چۆن ئەم ڕزگاری و ئازادییە بپارێزین و هەرگیز هەوڵ نەدەین مێژووی ئەم قڕكردنی نەتەوەیە نەكەینە حیزبی، چونكە ئەم مێژووە مێژووی نەتەوەیە نەك حیزب! هیواداریشم ئەو هێمای قڕكردنە لە ژووری هەموو سەركردەی حیزب و دەزگا حوكمی و ئیدارییەكاندا بەگشتی لە سەرووی خۆیاندا هەڵبواسن، چونكە ئەم هێمایە زۆر گەورەترە لە هێمای تاكە كەسێكی سەركردەیەك، چونكە هەر ئەو گوتەیە ڕاستە كە دەڵێ: هەمیشە گەل سەركردە دروست دەكات نەك پێچەوانەكەی، و ئەم ڕزگاری و ئازادییەی ئەمڕۆش هەمووی بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەیە، نەك سەرمایەی ئەم سەرمایەدارنەی ئەمڕۆی ناو حیزبەكان!!.

Hawraman976@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.